# پێویستمان بە ڕەخنەیەکی نوێی سیاسەت و ئابووریی سیاسی هەیە

## گفتوگۆ لەگەڵ ئیتین بالیبار

سازدانی: جێرۆمی سکالسکی

لە ئینگلیزییەوە: کارزان کاوسێن





*Baruch Spinoza*

*** پەنجا ساڵ لەمەوبەر (بۆ مارکس)ی لویس ئالتۆسێر و لە ژێر ڕێنمایی ئەودا (خوێندنەوەی سەرمایە) بڵاوبوونەوە. سیاقی دیبەیتەکە لەو ماوەیەدا چی بوو؟**

- گەر بە کورتی بیخەینەڕوو، دەڵێم پرسیارەکە موخاتەبەی ڕەهەندێکی فیکری و تەنانەت ئەکادیمی و تەنانەت ئایدۆلۆژی و سیاسیش دەکات. من سەر بە نەوەیەکم کە چووە قوتابخانەی (نۆرمال سوپەریۆر) لە 1960دا. ئەمە لە ڕوانگەی مێژووییەوە ناپەیوەندیدار نییە. لە گروپەکەی ئێمەدا، کە پەیتا پەیتا لە دەوری ئاڵتوسێر پێکهات، هەڵبەت خوێندکار هەبوون بەڵام شاگردیش هەبوون. ئەو کەسانەی کەمێك بەتەمەنتر بوون، وەکو پیەر ماشێری و دواتر ئەوانەی کەمێك گەنجتر بوون کە ڕێك دواتر هاتن، واتە ماویستەکانی ئاییندە، وەکو دۆمینیك لێکۆرت. ئەمە بە درێژایی پێنج یان شەش ساڵ بوو. بۆیە، لە لایەکەوە ساڵی 1960 دوو ساڵ بەر لە کۆتایی جەنگی جەزائیر بوو، ئەو ساڵەی (ڕەخنە لە ئەقڵی دیالەکتیکی)ی ژان پۆل سارتەر بڵاوکرایەوە. ئێمە بەهۆی جەنگی جەزائیرەوە بەسیاسی بووین. ئێمە هەموومان چەکداری (UNEF) بووین کە یەکەمین یەکێتی فەرەنسی بوو بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ یەکگرتنە جەزائیرییە گرێدراوەکان بە (FLN) بۆ ڕێکخستنی هەماهەنگی لە دژی جەنگ. ئەم کۆنتێکستە هی بەسیاسیبوون و سازدانی چڕوپڕ بوو، بەڵام هی ململانێیەکی ناوخۆیی توندیش بوو. بنەمای بەسیاسیبوونی ئێمە تاڕادەیەکی زۆر هیی دژەکۆلۆنیال و سەرەنجام هیی سازدانی ئەنتی ئیمپریالیستی بوو. ڕەهەندی کۆمەڵایەتی هەبوو، بەڵام وەکو جۆرێك لە زیادە بوو.

لەلایەکی ترەوە، ئەو ماوەیە ماوەیەکی دیبەیتی چڕوپڕ بوو لە بارەی فەلسەفەی مارکسی، لەگەڵ ڕۆڵێکی نکوڵینەکراو کە ئەو فەیلەسوفە مارکسیانە دەیانگێڕا کە یان ئەوەتا چیتر لە حزبی کۆمەنیستدا نەبوون، وەکو هێنری لۆڤیفرە، یان سەر بە ئاڕاستە مارکسیە ناکۆمۆنیستییەکان بوون. پاشان ژان پۆل سارتەر هەبوو کە خۆی بە گەشتیارێکی هاوەڵ وەسف دەکرد و تازە بەرهەمە مەزنەکەی بڵاو کردبۆوە کە تیایدا هەوڵیدابوو مارکسیزم بونیاد بنێتەوە و لە پێشەکییەکەدا ئەو فرەیزە بەناوبانگەی دانابوو کە ئێمە زۆرجار دووپاتی دەکەینەوە: «مارکسیزم ئاسۆیەکی فەلسەفیی تێنەپەڕێنراوی سەردەمی ئێمەیە». من ناڵێم هەموو کاری فەلسەفی لە فەرەنسا لە دەوری مارکس دەخولایەوە. ئەمە هەڵەیەکی تەواوەتی دەبێت. بەڵام دەتوانین بڵێین دیبەیت لەسەر مارکسیزم بە ڕاستی لەیەك کاتدا زۆر بەرچاو بوو، زۆر تێروتەسەل بوو، زۆر بەگوڕ بوو و زۆر جێی بایەخ بوو. ئەمە بەهەمان شێوە ماوەیەك بوو کە تیایدا حزبی کۆمۆنیست بڕیاریدابوو سەنتەرێکی مارکسی توێژینەوە بە بڵاوکراوەی وەکو (لا پێنسێ) یان (لا نۆڤێل کریتیك) ڕێکبخات. حزب بە هەمان شێوە بڕیاریدابوو «هەفتانەی بیری مارکسی» ڕێکبخات.

بۆ بەخشینی ئایدیایەك بە ماوەکە، من ئاماژە بە 1961 دەدەم، ساڵی پاش بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی سارتەر. ئەو ساڵە، ڕووداوی سەرەکیی «هەفتانەی بیری مارکس» ئەو دیبەیتە بوو کە سارتەر و بەڕێوەبەرەکەی ئێمەی لە (ENS) ژان هیپۆلیت، پسپۆڕی بەناوبانگی هیگڵ، لە بەرەیەکدا و ڕۆجەر گارودی، نوێنەری هێڵی ڕەسمی (پی سی ئێف- حزبی شیوعیی فەڕەنسی) لە فەلسەفەدا و ژان پیەر ڤیجیەر، جەنگاوەری (بەرەنگاری) فیزیاناس، فەیلەسوف و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، ڕووبەڕووی یەکتر دەکردەوە. ئەم دیبەیتە قەرەباڵغە لە ئۆدیتۆریەمی (موتوالیتێ) ڕوویدا. بۆنەکە گەورە بوو. ئالتوسێر پرۆفیسۆری فەلسەفە بەرپرس بوو لە ئامادەکردنی ئێمە بۆ تاقیکردنەوەی کۆکردنەوە. ئاشکرایە کۆرسەکانی ئەو لە بارەی مارکسیزمەوە نەبوون، بەڵکو هەموو جۆرە بابەتێکی تر بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو لە 1961 دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی یەکەمین بابەت لە (لا پێنسێ)دا کە بابەتی تری بەدوادا هات و دەستبەجێ دیبەیتێکی زیندووی لەناوەوە و دەرەوەی حزبدا وروژاند. ئەمە دەستبەجێ بایەخ و سەرنجێکی زۆری ڕاکێشا. ئێمە چووینە دیدەنی و پێشنیاری ئەوەی کرد گروپێکی توێژینەوە دروست بکەین کە بەرەبەرە



**من ناڵێم هەموو کاری فەلسەفی لە فەرەنسا لە دەوری مارکس دەخولایەوە. ئەمە هەڵەیەکی تەواوەتی دەبێت. بەڵام دەتوانین بڵێین دیبەیت لەسەر مارکسیزم بە ڕاستی لەیەك کاتدا زۆر بەرچاو بوو، زۆر تێروتەسەل بوو، زۆر بەگوڕ بوو، زۆر جێی بایەخ بوو**

بوو بە تیمێکی بچوك. بێگومان زۆری نەخایاند. تەنانەت تاوەکو پێش 1968 بەرگەی تەنگژە نێوخۆییە توندەکانی نەگرت، بەڵام بۆ ماوەی چەند ساڵێك ئێمە بە شێوەیەکی سیستەماتیك پێکەوە کارمان لەسەر مارکسیزم و فەلسەفەی فەڕەنسی سەردەمەکە کرد کە لە دیدی ئێمەدا ئەو ڕووداوە گەورەیە بریتیبوو لە لەدایکبوونی سترەکتورالیزم. ئێمە سێمینارێکی گشتیمان ڕێکخست کە بە درێژایی ساڵەکە بەردەوام بوو. ئەمە دەستبەجێ بڵاو بووەوە. لەو سەروەختەدا بوو کە کاریگەریی ئاڵتوسێر بۆ بەشێکی دیاریکراوی ئینتەلجێنسیای مارکسی و چەپی مارسکی لە فەرەنسا گەیشتە تروپك.

***ئاراستەکانی بیری ئاڵتوسێر چی بوون؟**

من نازانم ئاخۆ دەتوانم ئەم شتانە پوخت بکەمەوە. سەرەتا، هەرچەندە ئاڵتوسێر دوایی خودڕەخنەیەکی ئاراستە کرد بۆئەوەی بڵێت بە مانایەك لە ماناکان سیاسەتی بیر چووبووەوە، پێم وایە پرۆژەکەی ئاڵتوسێر لەیەکەمین نووسینەکانیەوە، دوو ڕەهەندی هەبوو، سیاسی و فەلسەفی. ئاشکرایە کە لە یەکێك لە دیوە هەرە سەرنجڕاکێشەکانی پرۆژەکەی ئاڵتوسێر بۆ زۆرێك لە مارکسیستە گەنجەکان و تەنانەت فەیلەسوفانی



*Louis Althusser*

گەنج بە شێوەیەکی گشتیتر، ئەوە بوو کە قەت نەیدەویست هیچ کام لە دوو ڕەهەندەکە بکاتە قوربانیی ئەویتر. لەلایەکەوە، ئەو دەیویست مارکسیزم بکاتە فەلسەفەیەکی مەزن و لەلایەکی ترەوە، تێگەیشتنێکی زۆر سیاسیی هەبوو لە فەلسەفە کە تیایدا مارکسیزم پێکدەهات و فۆرمولە دەبوو، بە وشەکانی تێزی یانزەهەمەی مارکس لەسەر فۆیەرباخ، نەك تەنیا ڕێگەیەکی لێکدانەوەی جیهان بوو بەڵکو وەرچەرخاندنی بوو. ئەمڕۆکە هەموو ئەمە لەوانەیە کەمێك دوور دیار بێت، بەڵام داهێنانەکەی ئەو خۆی لە دەوری دەربڕینی دوو دیوی مارکسیزم ڕێکخست کە ستالین لە نامیلکەیەکی بەناوبانگدا پێناسەی کردبوو، کە لەکاتێکدا شتەکانی دۆگماتیزە دەکرد، پێم وایە کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر ئاڵتوسێر هەبوو. لە لایەکەوە ماتریالیزمی دیالەکتیکی، ڕەهەندی فەلسەفیی مارکسیزم، و لەلایەکی ترەوە ماتریالیزمی مێژوویی، تیۆرەی مێژوو و سەرەنجام تیۆرەی سیاسەت و وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی.

***ئەی سپینۆزاش بیرمەندێکی دیموکراسیی ڕادیکاڵ نەبوو؟ لە ڕووی فەلسەفییەوە، مارکسیزمی ئاڵتوسێریش گەڕانەوە نەبوو بۆ سپینۆزا؟**

-ئاڵتوسێر سەرسامیی سپینۆزا بوو، سپینۆزای وتاری (تیۆلۆژی-سیاسی)، بەڵام ئەمە ئەو دیوە نەبوو کە بە زۆرترین ڕادە جێی بایەخی بوو. تۆ بە شێوەیەکی ڕەها ڕاستیت لەوەدا کە بڵێیت بیری سپینۆزا بە شێوەیەکی ڕیشەیی بیری دیموکراتییە. ئەمە ڕەهەندێکە کە ماوەیەکە هێنراوەتە پێشەوە و لەلایەن چەندەها فەیلەسوفەوە قۆرخکراوە کە بە شێوەیەکی کاریگەر لە باکگراوندێکی مارکسییەوە دێن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە دیوێك یان ڕەهەندێك نەبوو کە جێی بایەخی ئاڵتوسێر بێت. نەك لەبەرئەوەی ئەو نەیاری بوو، بەڵکو لەبەرئەوەی لە بنەڕەتەوە پێی وابوو دیموکراسیی ڕادیکاڵ قۆناغێکی گواستنەوە یان نێوانگیرە بەرەو دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاری. لەم ڕوانگەیەوە، ئەو مارکسییەکی زۆر ئەرتەدۆکسی بوو. ئەو ڕەهەندەی جەختی لە سپینۆزا کردەوە پەیوەندیی هەبوو بە تیۆرەی ئایدۆلۆژی. لەگەڵ سپینۆزادا، یەکەمین ڕەخنەی ماتریالیستی گەورە هەیە لە ئایدۆلۆژیا. ئاڵتوسێر بەرگریی لە تێزێکی ناکۆك ئامێز دەکرد. من پێم وایە بە شێوەیەکی توند زۆرێك لە مارکسییەکانی ئەو سەروەختەی شۆك کرد، لە لایەکی ترەوە، بە لای هەندێک خەڵکی نێو ئێمەوە سەرنجڕاکێش بوو. ئەم بیرۆکەیە ئەوە بوو کە چەمکی ئایدۆلۆژیا دیوێکی بنەڕەتیی شۆڕشی تیۆریی مارکسە: نەك تەنیا ڕەخنەی ئایدۆلۆژیای بۆرجوازی، بەڵکو ڕەخنەی ئایدۆلۆژیا بە گشتی. بەلای ئاڵتوسێرەوە، ئەمە بە هەمان شێوە وەکو خاڵێکی گرنگی ناو دیبەیتە ناوەکییەکانی کۆمۆنیزم دیار بوو لەو سەروەختەدا، لەوەدا بە هۆی گرێیەکی ئایدۆلۆژییەوە ڕکێف کرابوو کە ئەو بە هیومانیزم و ئێکۆنۆمیزم ناوی دەبرد. ئەو پێی وابوو نەریتی مارکسی لەسەر پرسی ئایدۆلۆژی لاوازە و مارکس ئەگەرچی لە داهێنانی چەمکەکەدا بلیمەت بوو، شیکردنەوەیەکی خراپی لێی هەبوو. ئەو چەند بڕگەیەکی بۆ تیۆرەی ماتریالیستیی ئایدۆلۆژی لە سپینۆزادا دۆزییەوە کە نە فۆیەرباخیی بوو، نە هیگڵی بوو، نە بەسترابووشەوە بە فەلسەفەی مێژوو یان چەمکی نامۆیی مرۆڤ یان جەوهەری مرۆڤەوە. هەموو ئەمە زۆر بەباشی هاوکوف بوو لەگەڵ ئەوەی پێی دەگوترا زانستگەرایی ئاڵتوسێر، وەك ئەوەی کە لە بیرۆکەی دابڕانی ئەپستمۆلۆژییدا دەردەبڕدرا و بووە هۆی نزیکایەتییەکەی لەگەڵ سترەکتورالیزمدا. ئاڵتوسێر لە (توخمەکانی ڕەخنە لەخۆگرتن) بەخێرایی ڕەخنەی ئاراستەی ئەم ڕوانگانە کرد.

***لە دەستتێوەردانی فەلسەفیی ئاڵتوسێر و دیبەیتەکانی سەردەمەکە، چی بۆ ئەمڕۆ دەمێنێتەوە؟**

-ئاشکرایە کە ئێمە پێویستمان بە ڕەخنەیەکی کەپیتالیزم هەیە کە بۆ ئەمڕۆ بەسە. داواکانی ئێستا: بەجیهانیبوون و کارەکتەرێکی دانەبڕاوی کێشەی ئابووری و کێشەی ئیکۆلۆژی هەیە. ئەوە سەرهەڵدانی فۆرمە نوێکانی حوکمڕانییە کە بەشێکن لە (ئینفرا ستاتیست)



Étienne Balibar

و (سوپرا ستاتیست) و (پۆست ستاتیست). ئەمە شکڵپێدانەوەیەکی گشتێنراوە. ئێمە پێویستمان بە ڕەخنەیەکی نوێی سیاسەت و ئابووریی سیاسی هەیە. مارکس ڕووکەشانە نەبوو بۆ لەئەستۆگرتنی ئەم ئەرکە، ئەو بەشێوەیەکی ڕەها پێویست بوو- ئەو خۆی وەکو کەسێکی وەرچەرخاو لێیەوە سەریهەڵدا. ئاڵتوسێر، لە یەکێك لەدواییین تێکستەکانیدا، مارکسیزم وەکو تیۆرەیەکی تەواوبوو دەستنیشان دەکات. ئاشکرایە کە ئەمە لەو سەروەختەدا یارییەکی بەهێز بوو بە وشەکان. هەمووان لە بارەی کۆتایی مارکسیزم دەدووان. ئاڵتوسێر ئەوە کۆتایی مارکسیزم نییە، بەڵکو ئەو پێویستیی مارکسیزم بە ناگرنگ بینی بۆ پێناسەکردنی سنوورە ناوەکییەکانی، سنوورە مێژووییەکانی.

بە شێوازێکی دیاریکراو، تۆ دەتوانیت بڵێیت ئەو زیاتر ببووە مێژووگەرا بە بەراورد بە سەرەتاکەی. ئێمە هەنووکە چووینەتە ناو قۆناغێکی نوێی لێکدانەوەی مارکسیزمەوە کە لەوانەیە بە شێوەیەکی حەتمی وەرچەرخانێکی ڕادیکاڵانەی مارکسیزمیش بێت. بێگومان بە شێوەیەکی تەواو نەناسراو لەم وەرچەرخانەوە سەرهەڵدەدات. لەم ڕوانگەیەوە، ئەوەی کە لە ناوەڕاستی شەستەکاندا ڕوویدا زۆر جێی بایەخ بوو. تەنیا لەبەر پێشنیارە تیۆرییەکان نەبوو کە لەو سەروەختەدا دەخرانەڕوو و بە تەواوی تاووتوێ نەکران کە لە هەندێ ڕووەوە ڕەخنەلەخۆگرتنی ئاڵتوسێر لێکەوتەی نێگەتیڤی هەبوون، بەڵکو بەتایبەت لەبەر ئەو ڕاستییەی کە ئاڵتوسێر تاکە پرۆتاگۆنیستی ئەم دیبەتە نەبوو لەسەر بونیادنانەوەی مارکسیزم. ئەوە بە شێوەیەکی دیاریکراو، پرۆژەی سەرەکیی هاوبەشی نێوان مارکسیستەکانی وڵاتە جیاوازەکان بوو لە ماوەی ئەم سالانەدا. بە لای منەوە، ئاڵتوسێر جۆرێك لە ئیمتیازی بیۆگرافی هەیە، بەڵام ئیمتیازێکی ڕەها لەئارادا نییە. ئەوەی کە هاوبەشی تێداکرد ناکرێت پێوانە بکرێت و قسەی لەسەر بکرێت ئەگەر ڕوانگەکە فراوان نەکرێت. لە سالانی شەستەکاندا، لە چوارچێوەی مارکسیزمی ڕەخنەیی ئەڵمانیدا، خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ (سەرمایە) هەبوو (Neue Marx-Lektüre)، کە تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندیی هەبوو بە قوتابخانەی فرانکفۆرت و بە شێوەیەکی دیاریکراو تەرکیزی لەسەر دیاردەی نامۆیی کۆمەڵایەتی بوو بەو شێوەیەی کە ڕایەڵ دەبوو بە گشتاندنی کالا-شێوە. ئەمە شتێك بوو ئاڵتوسێر باش نەیدەزانی یان نەیدەویست بیزانێت. ئاڕاستەی جیاجیای کرێکارگەرایی ئیتالی هەبوون کە فیگەری دیاریان بریتی بوو لە (ماریۆ ترۆنتی) کە ڕێك لەو سەروەختەی ئاڵتوسێر و گروپەکەیدا دووبارە خوێندنەوەی سەرمایەی نووسی کە لە هەندێک خاڵی دیاریکراودا لەگەڵ ئاڵتوسێردا گونجاو بوو، لە هەندێک خاڵی تردا جیاواز بوو. بەڵام ئێمە دەتوانین لەگەڵ ئەو تەوژمە مارکسییە ڕەخنەییانەی لە ئەمریکای لاتینەوە دێن ڕوانگەکە فراوانتر بکەین و دواتر نەریتی مێژووی مارکسی لە جیهانی ئەنگلۆ سەکسۆندا لەلایەن ئەریك هۆبزباوم، مۆریس دۆب، کریستۆفەر هیڵ یان پێری ئەندرسۆن نوێنەرایەتی کرا. ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ساڵی 1965، ئەوا مارکسیزمێکی تەواو شکۆفەکردوو دەبینین کە تەواو ناکۆکە لەگەڵ خۆیدا. لەلایەکی ترەوە، قورسایی قەیرانی کۆمۆنیزمی دەوڵەت لەئارادایە و لەلایەکی تریشەوە هیوا شۆڕشگێرییەکان؛ لە گەرمەی هەموو ئەمانەدا، توانای نوێکردنەوەی پەیوەندییەکان لەنێوان فەلسەفەی مارکسی و فەلسەفەی زیندوودا هەن. ئێمە ناتوانین جارێکی تر کتومت بەهەمان شێواز دەست پێبکەینەوە، بەڵام ئەم ماوەیە بەدڵنیاییەوە بیرۆکەیەکی پۆزەتیڤ بۆ ئەمڕۆ لەخۆ دەگرێت.

**سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە:**

https://www.viewpointmag.com/201517/03//a-period-of-intense-debate-about-marxist-philosophy-an-interview-with-etienne-balibar/